گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper28
ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 02-12-2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 16-02-2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 28-02-2025

# چەمکی کۆمەڵگەی کوردی خوێندنەوەیەکی تیۆرییە

**د. هێمن باقر عەبدول**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
hemin.abdul@univsul.edu.iq

**پوختە:**

لەم توێژینەوەیەدا چەمکی کۆمەڵگەی کوردی بە گرفت کراوە، توێژەر بە بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی شیکاری وەڵامی چەند پرسیارێکی دەربارەی چەمکی کۆمەڵگەی کوردی داوەتەوە.

سەبارەت بەوەی ئایا ئێمە کۆمەڵگەی کوردیمان هەیە؟ ئەگەر هەمانە چ جۆرە کۆمەڵگەیەکە؟ ئایا ئێمە لەبەردەم یەك کۆمەڵگەی کوردیداین بەتەواوی خەسڵەتەکانییەوە، یاخود لەبەردەم چەند کۆمەڵگەیەکی کوردی جیاوازداین.

توێژەر لە ڕوانگەیەکی سۆسیۆ ئەنترۆپۆلۆژییەوە، باوتوێی هەلومەرج و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردی کردوە و لەڕوانگەی دو چەمکی سەرەکی ناو سۆسیۆلۆژیاو و ئەنترۆپۆلۆژیا کە بریتین لە (هاوبەندی کۆمەڵایەتی) و (بونیادی کۆمەڵایەتی) خوێندنەوەیەکی سۆسیۆ ئەنترۆپۆلۆژی بۆ کۆمەڵگەی کوردی کردوە و ڕەگەزە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی کوردی شیکردۆتەوە وەکو مۆرفۆلۆجیای کۆمەڵایەتی و ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و سیستەمی کولتوری، دواتر لە ڕوانگەی بونیادی کۆمەڵایەتییەوە تیشکی خستۆتە سەر سیستەمە سەرەکییە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەی کوردی کارکردنی هەر سیستەمێك لەو سیستەمانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

توێژەر، بەو ئەنجامە گەیشتوە کە بەگشتی لە ژیانی ڕۆژانەدا و لە ناوەندە ئەکادیمی و میدیایەکانیشدا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ئەم چەمکە بەکارنابرێت. چونکە لەگەڵ ئەوەی ئێمە کۆمەڵگەمان هەیە سەرەڕای بونی کۆمەڵێك کەموکوڕیی لە مەرجەکانی کۆمەڵگەدا، بەڵام خاوەنی یەك کۆمەڵگەی کوردی نین، بەڵکو لەبەردەم چەند کۆمەڵگەیەکی کوردی جیاوازداین، کە وێڕای هاوبەشییان لە هەندێ ڕەگەزی کولتوری، هەریەکەیان خاوەنی مێژوی گەشەسەندنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری خۆیانن. هەربۆیە ڕاسترە بڵێین کۆمەڵگەی کوردی باشوری کوردستان، یان کۆمەڵگەی کوردی باکور یان ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوای کوردستان.

**کلیلە وشەکان:** کۆمەڵگە، کۆمەڵگەی کوردی، هاوبەندی کۆمەڵایەتی، کۆویژدان

## باسی یەکەم:چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### تەوەری یەکەم: میتۆدۆلۆژی توێژینەوە

### یەکەم: گرفتی توێژینەوە

هەرچەندە چەمکی (کۆمەڵگە) یەکێکە لە چەمکە سەرەتاییەکانی کۆمەڵناسی، بەڵام بە یەکێك لە چەمکە ئاڵۆز و پڕکێشەکانی ئەم زانستە دادەنرێت.

لەناوکایەی سۆسیۆلۆژیادا چەندین ڕوانینی جیاواز هەیە بۆ کۆمەڵگە، هەندێکیان کۆمەڵگە وەك حەقیقەتێکی بەرجەستە سەیر دەکرێن کە دەکرێت ببینین و مامەڵەی لەگەڵ بکەین، لەکاتێکدا هەندێ ڕوانگەی کۆمەڵناسی زیاتر وەك چەمکێکی سەرلێتێکدەر و وەهمی تەماشای دەکەن کە ناتوانرێت ببینرێت، ئەو دیاردانەشی پێ شیکار دەکرێت کە ناتوانرێت بە دروستی لێیان تێبگەین.

لەکاتێکدا هەندێك ڕوانگەی دیکە چەمکەکەیان قبوڵە بە هەندێ خەسڵەت و تایبەتمەندی دیاریکراوەوە.

دەمانەوێت بزانین لەناو ئەم ڕوانینە سۆسیۆلۆجیەدا کۆمەڵگەی کوردی لە کوێدا جێگای دەبێتەوە؟

گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە گەنگەشەکردنی چەمکی"کۆمەڵگەی کوردی"یە.

لە ژیانی ڕۆژانەماندا چەندین جار وشەی "کۆمەڵگەی کوردی" بەکاردەهێنین یاخود دەکەوێتە بەرگوێمان، بەڵام بەسەرنجدانی توێژەر نارونییەك لە بەکارهێنانی چەمکەکەدا هەیە، ئەم توێژینەوەیە خوێندنەوەیەکی سۆسیۆلۆجیانەیە بە ئامانجی گەڕان بەدوای پرسیاری"کۆمەڵگەی کوردی چییە؟ ئایا ئێمە کۆمەڵگەی کوردیمان هەیە؟ ئەگەر کۆمەڵگەی کوردیمان هەیە ئایا خاوەنی یەك کۆمەڵگەی کوردین یان چەند کۆمەڵگەیەکی کوردی جیاواز؟

### دووەم: گرنگی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ هەمو ئەوانەی لەبواری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا کاردەکەن، هەروەها ئەوانەی بایەخ دەدەن بە لیکۆڵینەوەی کۆمەڵگەی کوردی. دەتوانێت بەرچاوڕۆشنییەك سەبارەت بە چەمکی کۆمەڵگەی کوردی ڕاست دروست بکات، یارمەتیان دەدات بەشێوەیەکی زانستی لە چەمکەکە تێبگەن و بە دیقەت و وردیەوە بەکاریبهێنن.

### سێیەم: ئامانجی توێژینەوە

1خستنەڕوی تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە.

2.خستنەڕوی فاکتەرە بەهێز و لاوازەکان لە بونیادی کۆمەڵگەی کوردیدا.

3.خستنەروی فۆرمی ئەو کۆمەڵگە کوردیەی باسی دەکەین، ئایا ئێمە یەك کۆمەڵگەی کوردیمان هەیە یان چەند کۆمەڵگەیەکی کوردی جیاواز؟

### چوارەم: میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی بەکارهێنراو لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە میتۆدی وەسفی شیکاری، بە ئامانجی وەسفکردنی زانستیانەی چەمکەکە و شیکردنەوەی لەژێر ڕۆشنایی ئەدەبیاتی کۆمەڵناسی لەڕێگەی شیکاریکردنی ئەو زانیاریانەی لەڕێگەی سەرچاوەمان و تێبینیکردنی ڕاستەوخۆی توێژەر بەدەستهاتون.

### تەوەری دوەم: پێناسەی چەمک و زاراوەکان

### ١.هاوبەندی کۆمەڵایەتی:

پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، کە خۆی دەبینێتەوە لە پەیوەستی و هاوکاری و هاوسۆزی و تەواوکاریی، لەگەڵ یەکتر لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجەکان و پڕکردنەوەی پێویستییەکان، بە واتای پەیوەندی و کارلێکی بەردەم لەگەڵ یەکتر لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا.

دورکهایم لەڕوی هاوبەندی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگاکانی بۆ دو بەش دابەشکردوە: ئەو کۆمەڵگایانەی خاوەن هاوبەندی کۆمەڵایەتی میکانیکین، لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایانەی خاوەن هاوبەندی کۆمەڵایەتی ئۆرگانین. هاوبەندی کۆمەڵایەتی میکانیکی کۆمەڵگەی بچۆك و تەقلیدی دەگرێتەوە، کە دابەشکردنی کار تیایدا لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە و هەستی ئاینی تیایدا زاڵە و لەسەر بنەمای هەستوسۆز بەڕێوەدەچێت، لەبەرامبەر هاوبەندی کۆمەڵایەتی ئۆرگانی کە لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا بەدیدەکرێت و لەسەر بنەمای دابەشکردنی ئاڵۆزی کار و پسپۆڕی و ململانێ و ئاڵوگۆڕ و تەواوکاری دەوەستێت. (بثینة، 2021 :32)

### ٢.کۆویژدان:

بریتییە لە کۆمەڵێك لە بیروباوەڕو هەستوسۆزی گشتی لەناو ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا وەکو سیستەمێکی تایبەت کاردەکات لەناو عەقڵی ئەو کۆمەڵگایەدا، کە ڕەگوریشەکانی لە ڕابردوی ئەو کۆمەڵگایەوە سەرچاوە دەگرێت و ئەرکەکەی بریتییە لە یەکخستنی کۆمەڵگا و هاوهەڵوێستیان لەسەر دیاردە و ڕوداوەکان، چەندێك کۆمەڵگەکە لەیەکچونیان زیاتر بێت، کۆویژدان زاڵتر و کاریگەرترە. هەندێك جاریش ناوی دەنێت عەقڵی گشتی یان دۆخی دەرونی کۆمەڵگاکان. (لیمان، 2013: 67)

### تەوەری سێیەم: کورتەیەك دەربارەی کوردستان

کوردستان ناوێکی ئیتنی جوگرافییە، بەو خاکە دەڵێن کە لەدێر زەمانەوە کوردی تێدا ژیاوە، وڵاتێکی شاخاوی بەرفروان لە ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا دەگرێتەوە.لە باکوری ڕۆژئاواو باشوری ڕۆژئاوا کەنارەکانی دەریای ڕەش و دەریای سپی دەگرێتەوە و لە ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژ هەڵات دەریای خەزەر و کەنداوی فارس لەخۆدەگرێت، ڕوبەرەکەی دەگاتە پتر لە 550 هەزار کم.(لازاریف، 2016: 19)

لەسەر نەخشەی جیهانی دەکەوێتە ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا، کە شوێنی سەرهەڵدانی چەندین شارستانیەتی مەزن بوە لە مێژودا، سنورەکەی لە باکورەوە لەگەڵ ئازەربایجان و ئەرمینیا و تورکیا دەگرێتەوە، لە لای باشورییەوە ئێران و کەنداو، لە ڕۆژهەڵاتیشیەوە ئێران و لە ڕۆژئاواوە عێراق و سوریایە.(غەفور، 2005: 15)

سەبارەت بە وشەی کوردستان وەکو دەزانرێت وشەیەکی ئارییە، لە دو بەش (کورد) و (ستان) پێکدێت، وشەی کورد کە بەمانای ئازا یان پاڵەوان لەگەڵ (ستان) کە بەمانای خاك پێکهاتوە. پێکەوە مانای خاکی پاڵەوانەکان یان خاکی کوردەکان دەگەیەنێت.(جگرخوین، ١٩٩٦: ٧)

ئەمین زەکی، لەو باوەڕەدایە کورد دانیشتوانی ڕەسەنی ئەم ناوچیەن و ڕەگوڕیشەیان دەچێتەوە سەر گەلانی گۆتی و للوبی و سۆباری و کاشی هورییەکان و چەند هۆزێکی دیکەی ناوچەکە کە مێژوی نیشتەجێبونیان لەم ناوچەیە نزیکدەبێتەوە لە 4000 ساڵ، پاش هاتنی میدیەکان وەك هۆزێکی هیندۆ ئەوروپایی بۆ شاخەکانی زاگرۆس و لەگەڵ دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە تێکەڵاوبون و بە زمانی میدیی بو بە زمانی قسەکردنیان.(امین زکی، محمد، 1939: 64)

ئەوەی تائێستا زانراوە کۆنترین ئاماژەدان لەمێژودا بە وشەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ تابلۆ قورینە سۆمەرییەکان کە مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ 300پ.ز کە باس لە (خاکی کاردا) دەکات و لەوکاتەدا گەلی (سو) یان سۆباریەکانی تێدا ژیاوە لە باشوری دەریاچەی وان. ئاشورییەکانیش باسیان لەگەلێك کردوە بەناوی) کورتی (qurti کە شەڕیان لەگەڵ کردون و لەگەڵیاندا جەنگاون.(درايڤر، 1986: 13).

ئاشکراترین ئاماژە و بەکارهێنانی وشەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ گەزنەفۆنی یۆنانی لە کتێبی ئاناباسیس کە باس لە گەڕانەوەی 10 هەزار شەرکەری یۆنانی دەکات کە بە خاکی کوردستاندا گەراونەتەوە بۆ یۆنان. لەبەشێکی کتێبەکەیدا باس لە (کاردۆخییەکان) دەکات کە لەنزیك گۆلی وان پەلاماری سوپاکەیانداوە و شەڕێکی سەختیان لەگەڵ کردون. (مینورسکی، 2007:29)، بۆیە ئەگەری زۆرە ئەو کاردایانەی بەپێی سەرچاوە سۆمەرییەکان لە نزیك دەریاچەی وان ژیاون، هەر ئەو )کورتی OURTI یانەبن کە بەپێی سەرچاوە ئاشوریەکان لەگەڵیان جەنگاون هەردوکیشیان جیاوازیان نییە لەگەڵ ئەو کاردۆخیانەی کە گەزنەفۆن باسیان دەکات.(درايڤر، ج.ار، 1986: 20).

یەکێك لە گریمانەکانیش ئەوەیە کە ڕیشەی وشەی کورد لە ناوی گوتی وەرگیرابیت، کە لە دیارترین هۆزە ڕەسەنەکانی ناوچەکەن و واباوەڕدەکرێت شاخی جودیش هەر بەناوی ئەوانەوە ناونرابێت(نوری، 2003: 8)

ناوی کوردستان وەکو ناوچەیەکی ئیداری و جوگرافی بۆیەکەمجار لە سەردەمی سوڵتان سەنجاری سەلجوقی بوە لە ناوەڕاستی سەدەی دوانزە. سوڵتان سەنجار یەکێك لە هەرێمەکانی ناو ناوە بە کوردستان کە پایتەختەکەی بەهار بوە کە 8 میل لە شاری هەمەدانەوە دور بوە.(پیرباڵ، 2005، 30).

نەتەوەی کورد بۆماوەی هەزاران ساڵە لەسەر ئەم خاکە دەژین و دانیشتوانی ڕەسەنی ئەم نیشتمانەن و خاوەنی شارستانیەتی گەورەی سۆمەرن و بەشداریان لە شارستانیەتی بابل کردوە و دەگەڕێنەوە بۆ نەژادی گوتی و لولوبی و کاشی و خۆری و میتانی و خالدی و نایری و مادەکان، لە مێژودا یەکێك لە ئیمپراتۆرییەکانی سەر زەویان ئاواکردوە کە نزیکەی 200 ساڵ درێژەی کێشاوە. ئەویش ئیمپراتۆریەتی مادە(750پ.ز- 550 پ.ز).ئەم ئیمپراتۆریەتە لەڕوی شارستانییەوە کاریگەری نەك تەنها لەسەر کورد بەڵکو کاریگەری لەسەر نەتەوەکانی دیکەی ناو ئیمپراتۆریتەکە هەبوە.

لەمێژوی کۆن و نوێدا بەدەگمەن نەبێت ڕێکنەکەوتوە کوردستان لە ژێر یەك دەسەڵاتی یەکگرتودا بێت، دەتوانین بڵێین کوردستان لە دوای ئیمپراتۆریەتی مادەوە هەمیشە شوێنی پێکدادانی ئیمپراتۆر و دەوڵەت و هێزە گەورەکانی دونیا بوە و لەدوای ئەو مێژوە بۆی ڕێکنەکەوتوە خاوەنی دەوڵەت یان دەسەڵاتێك بێت، کە پارێزگاری لە هەمو خاکەکەی بکات،

لەبەر ئەوە بە درێژایی هەزاران ساڵ سەرزەمینی کوردستان دابەشبوە بەسەر ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی مێژودا و هەندێ جاریش دەسەڵاتی سەربەخۆی لەناوچەیەکی دیاریکراودا دامەزراندوە.

لەدوای سەدەی شازدەهەمەوە کوردستان بوە قوربانی ململانێی نێوان هەردو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویی. بۆ یەکەمجار بەفەرمی بەپێی ڕێکەوتنامەی ئەماسیە لەساڵی (1555)، خاکەکەی دابەشکراوە بەسەر ئیمپراتۆریەتی سەفەویی و عوسمانییدا، لە پاشان ئەم دابەشکردنە تۆختربویەوە لە ڕێکەوتنامەکانی زەهاو 1639 لە نێوان شا عەباس و سوڵتان مورادی چوارەم، هەروەها ڕێکەوتنامەکانی ئەرزرومی یەکەم 1823 و ئەرزرومی دوەم 1847 و ڕێکەوتنامەی تاران 1911 و ڕێکەوتنامەی دیاریکردنی سنور 1913.(بنادی، 2023: 505-506)

لە سەرەتای سەدەی بیستەم و بەدیاریکراوی دوای جەنگی جیهانی دوەم و گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێی ڕێکەوتنی سایکس بیکۆ لە(1916) خاکی کوردستان وەکو دەسکەوتی جەنگ بەسەر بەریتانیا و فەرەنساو ڕوسیا دابەشکراو بەو هۆیەوە لکێنران بە دەوڵەتەکانی (تورکیا، سوریا، عێراق، ئێران)وە، جگە لە دابڕینی یەکجارەکی کوردەکانی قەفقاس.(عبدالله، 2018: 614)، بەو هۆی ئەو دابەشکاری و دابڕینەی خەڵکەکەی لە یەکتری کۆمەڵگەی کوردی زەبری قورسی بەرکەوت و کەوتە بەردەم شاڵاوی توانەوە و بەزۆر ئاسمیلەکردنی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیانەی بەزۆر لکێندرابون پێیانەوە، ئەم کارەش ئاسەواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی گەورەی لەدوای خۆی بەجێهێشت.

ئەگەر لەڕوی جوگرافییەوە سەیری بکەین، هەرچەندە کوردستان ناوچەیەکی شاخاوییە، بەڵام خاوەنی دەشت و دوڵی فراوان و سەرچاوی ئاوی زۆرە، هەر لەبەرئەوەشە کە بەیەکێك لەباشترین ناوچەکان دادەنرێت بۆ کشتوکاڵ و دەوڵەمەندە بە سامانی کشتوکاڵی و ئاژەڵی و کانزایی جۆربەجۆر.(ماکدول، 2004: 36)

لەڕوی ئاو هەواشەوە، ئاو هەواوی دەشتاییەکانی کوردستان نیمچە ئیستواییە و ناوەندی باران بارین تیایاندا (200-400ملم)، بەڵام ناوچە شاخاوییەکان ناوەندی باران بارین تیایاندا (200-44ملم) ئەم ناوچانە دارستان داپۆشیون و چەند ڕوبارێکیان پێدا تێپەڕدەبێت. بەڵام ئاو هەوای دۆڵەکانی کوردستانی ناوەڕاست تارادەیەك (ئاووهەوای قارِیی)یە. ناوەندی ڕێژەی بارنبارینی لە نێوان (300-500) ملم دایە.(قاسملو، 2008: 27).

لەروی دیموگرافییەوە هەرچەندە ئامارێکی ورد لەبەردەست نییە بۆ ژمارەی دانیشتوانی کوردستان تەنها هەندێ خەملاندن نەبێ، بەنمونە دیڤید ماکدول 29 ساڵ لەمەوبەر ژمارەی کوردی بە 25 ملیۆن کەس خەملاندوە. (ماکدول، 2004: 24)

کۆمەڵگەی کوردی بە کۆمەڵگەیەکی فرە ئیتنی و ئاینی کولتوریی دادەنرێت، لەناو ئەو ململانێ خوێناویەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە" تارادەیەکی باش پێکەوەژیانی ئاشتیانە لەنێوان پێکهاتەکانیدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەدەرنییە لە هەندێك ڕوداوی پێکداهەڵپژانی ئیتنی یان ئاینی.

## باسی دووەم: سەرەتایەکی تیۆری دەربارەی کۆمەڵگا و کۆمەڵگەی کوردی

### تەوەری یەکەم: چەمکی کۆمەڵگە لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیدا

وشەی (society) ئینگلیزی، لە سەدەی چواردەهەمدا لە وشەی (société) فەرەنسی وەرگیراوە و ئەویش لە وشەی (societas) و (socius) لاتینی وەرگیراوە، کە بەمانای (هاوڕێ) دێت. تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم ماناکەی بریتیبو لە (پەیوەندیەکی ڕاستەقینە لە نێوانی هاوڕێ و هاوپیشەکاندا) وەك لە شۆڕشی جوتیارانی سساڵی 1381 (لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئینگلتەرا لەسەردەمی پادشا ڕیچاردی دەوەم) ڕویدا هەروەها لە ساڵی 1581 ئەم وشەیە بە مانای (پێویستی کەسێك بە یارمەتیدانی ئەوانی دیکە و دروستبونی خۆشەویستی و پەیوەست بون لە نێوانی هەمو کەسدا) هات. هەروەها لە کۆتاییەکانی سەدەی 16 ئەم وشەیە بە مانای) هاوڕێیەتی (society your هاتوە). بەڵام گۆڕانی سەرەکی لەمانای وشەی (society) بۆ ئەو مانا نوێیەی کە لە ئێستادا باوە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەم. لەم ڕوەوە فەیلەسوفی سکوتلەندی (دیفید هیوم1776-1711) لە کتێبی (لێکۆڵینەوە لە بارەی بنەماکانی ئەخلاق 1751) ئاماژەی بەوە کردوە ئەم چەمکە بە دو مانا بەکارهاتوە، یەکەمیان بە مانای هاودەمی و هاوڕێیەتی دوەمیان بە مانای سیستەم و ژیانی هاوبەش.(ولیامز، 2007: 292).

لە ئەدەبیاتی کۆمەڵناسیدا ڕای جیاواز و پێناسەی جیاواز بۆ چەمکی کۆمەڵگە کراوە، لەسەردەمی دورکهایمەوە کە پێیوابو کۆمەڵگە حەقیقەتێکی ڕاستەقینەیە کە دەتوانرێت ببینرێت، با دەگاتە لە کۆمەڵناسانی قوتابخانەی (کارلێکی هێمایی) کە پێیان وایە شتێك نییە لە حەقیقەتدا بەناوی کۆمەڵگەوە، بەڵکو چەمکێکە بۆ پەردەپۆشکردنی ئەو شتانەی کە هیچی لەبارەوە نازانین یان بەشێوەیەکی باش تێیان ناگەین. (جوردن و مارشال، 2011: 101).

ئمیل دورکهایم (1858-1917) یەکێك لە دامەزرێنەرە گرنگەکانی کۆمەڵناسی بەسەرمەشقی ئەوانە دادەنرێت، کە بایەخیان بە چەمك و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە داوە، بەشێکی گرنگ لە سۆسیۆلۆجیای دۆرکهایم لەسەر بنەمای ئەم چەمکە ڕاوەستاوە.

بەبروای دۆرکهایم کۆمەڵگە دیاردەیەکی ڕاستەقینە و بەرجەستەیە و خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، هەروەها جەخت لەوە دەکات کۆمەڵگە تەنها کۆبونەوەی کۆمەڵە کەسێك نییە پێکەوە، بەڵکو پێکهاتەیەکی نوێیە کە بەهۆی یەکگرتنی ئەم کەسانەوە دروستبوە.

هەروەها دەڵێت: "هەرچەندە کۆمەڵگە لە ویژدانی تاکەکان پێکهاتوە، ئەمەش مەرجێکی پێویستە بۆ دروستبونی، بەڵام ئەم مەرجە بەتەنها بەس نییە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگە، بێویستە مەرجێکی دیکەش بونی هەبێت ئەویش ئاوێتەبونی ئەم ویژدانە تاکەکەسیانەیە بە یەکتری، بەجۆرێك کە بە هەموویانەوە ویژدانێکی دیکە دروستدەکەن کە پێیدەوترێت (کۆویژدان) (الضمير الجمعی)"(دورکهایم، 1988: 213)

سەبارەت بە جیاوازی نێوان تاك و کۆمەڵگا لە دیدی دۆرکهایمدا، لەکاتێکدا کۆمەڵگە لە لە کۆی ویژدانی تاکەکان پێکهاتوە، دۆرکهایم جەخت لەسەر ئەوە دەکات "ئەو گشتە نوێیەی کە دروست بوە (کە مەبەست لێی کۆمەڵگەیە) بەتەنها کۆدنەوەی پارچە جیاوازەکان و لکاندنیان نییە بە یەکترەوە، بەڵکو شتێکی ترە کە تایبەتمەندیەکانی تەواو جیاوازە لە تایبەتمەندی خودی ئەو پارچانەی کە لێیپێکهاتون". (دورکهایم، 1988: 212).

هەردو بیرمەندی ئینگلیزی، (روبرت ماکیفر- 1882-1970) و (تشارلز بیج- 1860-1926) لە کتێبی (کۆمەڵگە-1957) لەبارەی پێناسەی ئەم چەمکەوە دەڵێن: "کۆمەڵگە سیستەمێکە پێکهاتوە لە کۆمەڵێك نەریتی جۆراوجۆر و ڕێکاری دیاریکراو و بڕیارلێدراو و دەسەڵات و یارمەتیدانی دولایەنە و بونی وەك یەکی و جیاوازی، هەمو جۆرەکانی ڕێکخستنی ڕەفتاری مرۆیی. ئەم سیستەمە ئاڵۆزە بەردەوامە گۆڕاوە پێیدەوترێت کۆمەڵگە، کە پێکهاتوە لە تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و یەکێك لە دیارترین تایبەتمەندیەکانیشی ئەوەیە کە لە دۆخێکی جێگیردا نامێنێتەوە". لە دواتریشدا دەڵێن " کۆمەڵگە بونی نابێت بەبێ (دەرککردنی یەکتری ) و بونی هەست و سۆزی هاوبەش لە نێوان ئەندامەکانیدا. (ماکیفر و بیج، بدون سنه طبع: 17)

لە ڕوانگەی (ماکیفر) و (بیج)وە کۆمەڵگا خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی دیاریکراوە ئەمانەن:

1.تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

2.بونی جیاوازی (گروپی جیاواز و نەریتی جیاواز و جۆراوجۆر).

3.بونی هاوکاری (هاوکاری دولایەنەی نێوان تاك و گروپەکان).

4.بونی سیستەم (بونی کۆمەڵێك ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دیاریکراو و بڕیارلێدراو).

5 .سەیرکردنی کۆمەڵگە وەك (نسق) بەمانای بونی کۆمەڵێك بەش (کە بریتییە لە سیستەمە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە) پەیوەندی وەزیفی ئەم سیستەمانە پێکەوە و کاریگەرییان لەسەر یەکتری.

6 .گۆڕانی کۆمەڵایەتی، لە ڕوانگەی (ماکیفر) و (بیج) وە کۆمەڵگە مەحکومە بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و نەمانەوە لە دۆخێکی دیاریکراودا.

7 .بونی کارلێکی کۆمەڵایەتی (مەرج نییە تەنها هاوکاری و وەك یەکبون بگرێتەوە، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا ململانێ و جیاوازیش دەگرێتەوە).

8 .دەرککردنی یەکتری (بونی دەرککردنی دولایەنە و لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە و (هەستکردن بە یەکتری)، هەروەها دەوترێت کۆمەڵگە بریتییە لە "پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە کە لە کارلێکی ڕەگەزەکانی نیشتیمان(ژینگە)، دانیشتوان، سیستەمی کۆمەڵایەتی لەنێوان یەکتری دەگرێتەوە.(برکات، 1998: 13).

لەم پێناسەیەدا گرنگی بە بونی سێ ڕەگەز دراوە کە ئەوانیش (ژینگە) و (دانیشتوان) و (سیستەمی کۆمەڵایەتییە). کە بەڕوای توێژەرە ئەمانە مەرجە شکڵی و دەرەکییەکانی بونی کۆمەڵگەن.

بەبڕوای ئەنتۆنی گیدنز (Anthony Giddens.1938) کۆمەڵگە "بریتییە لە سیستەمێکی پەیوەندی بەیەکداچو کە ئەندامانی کۆمەڵگە پێکەوە دەبەستێتەوە".بەبڕوای (گیدنز) لە هەمو کۆمەڵگەیەکدا بونیادێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەیە کە ڕەفتاری ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە ڕێکدەخات بەپێی ئاراستەکانی کولتورێکی دیاریکراو. (گیدنز، 2005: 79)

پێناسەکەی (گیدنز) بۆ کۆمەڵگە وێڕای کورت بڕیەکەی دو ڕەگەزی گرنگی پێکەوە کۆکردۆتەوە کە(بونیاد) و ( کلتور)ە. لەکاتێکدا ڕەخنەی گەورە لە هەندێك لە زانایانی ئاراستەی (بونیادی) وەك ڕادکلیف براون، ئەوەبو کە تەنها جەختی لە (بونیاد) دەکردوە و (کلتوری) بەهەندنەگرتوە.

لە فەرهەنگی کۆمەڵناسی ئۆکسفۆرد -2009) کە لەلایەن زانکۆی ئۆکسفۆرد، بڵاوکراوەتەوە. کۆمەڵگە پێناسەکراوە بەوەی" کۆمەڵە کەسێکن کلتورێکی هاوبەشیان هەیە، نیشتەجێی شوێنێکی تایبەت بە خۆیانن، ئەو هەستەیان هەیە کە نوێنەرایەتی کیانێکی تایبەت و جیاواز دەکەن.(سکوت و مارشال، 2011: 101)

بەبڕوای دنکن میشل "پێویستە لە هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆییدا ئەم مەرجانە بونی هەبێت: کۆمەڵە کەسێك کە بۆماوەیەکی دورودرێژ لەگەڵ یەکتریدا ژیابن، ڕوبەرێکی دیاریکراوی زەوی کە لەسەری نیشتەجێن، سیستەمێك کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانیان ڕێکدەخات، هەستکردن بە یەکبونی کۆمەڵایەتیی لە نێوان ئەندامانیدا. (میشل، 1981: 228).

لەم دو بۆچونەی سەرەوە، جەخت لە دو خاڵی گرنگ کراوەتەوە، یەکەمیان بریتیە لە (هەست)ێکی گشتی، دوەمیان بونی مێژو، کە دروستکەری ئەم هەستە هاوبەشەیە. واتە ئەو هەستەی دروست دەبێت بەرئەنجامی مێژویەکی دورودرێژ و کەڵەکەبوە.

هەندێك لە کۆمەڵناسان لەوانە کۆمەڵناسی سیاسی بەریتانی (لیونارد هوبهوس - 1864-1929) جەخت لەسەر بونی سنوری سیاسی و کیانی سیاسی دەکەنەوە وەك پێشمەرجێك بۆ دانپێدانان بە هەر کۆمەڵگەیەکدا، لەم ڕوەوە دەڵێت: "کۆمەڵگە بە کۆمەڵە کەسێك دەوترێت کە لە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراو نیشتەجێن کە لەڕوی سیاسیەوە دانپێدنراوە، هەروەها خاوەنی کۆمەڵێك دابونەریت و پێوەر و بەها و یاسای کۆمەڵایەتی و ئامانجی هاوبەشن کە بنەماکەی بریتییە لە ئاین و زمان و مێژو ڕەگەز".(میشل، 1981: 226).

بەڵام ڕایەکەی هوبهۆس لەبارەی بەمەرجدانانی سنوری سیاسی و دانپێدانانی نێودەوڵەتی پشتگیری زۆری نییە لە ناوەندی ئەکادیمیدا و، کۆدەنگیەك هەیە لەسەر ئەوەی مەرج نییە هەمیشە کۆمەڵگە ببەسترێتەوە بە سنوری سیاسیەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەش هەندێك لە مارکسیەکان لەبری چەمکی کۆمەڵگە چەمکی (شێوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە) بەکاردەهێنن کە بریتییە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکان، باوەکو بگونجێت لەگەڵ هەمو ئەو کۆمەڵگەنەی خاوەنی دەوڵەت و دانپێدانانی نێودەوڵەتی نین.(عمر، 2000: 389).

بەبڕوای فەیلەسوف و کۆمەڵناسی ئینگلیزی (هربرت سبنسر-1820-1903)، مەرجی سەرەکی دروستبونی کۆمەڵگە بریتیە لە (پێکەوەبون) و (هاوکاری). تەنانەت پێیوایە ئەگەر کۆبونەوە و پێکەوەبونی مرۆڤەکان نەگاتە ئاستی هاوکاری ئەوا ئەو کۆبونەوە مرۆییە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێیبوترێت (کۆمەڵگە)، چونکە لەدیدی (سبنسر)دا مرۆڤەکان کۆمەڵگەیان پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئاسودەیی. بۆیە لای سبنسر (1820-1903.Herbert Spencer) مەرجی سەرەکی دروستبونی کۆمەڵگە بریتییە لە هاوکاری و هاوبەندی، ئەگەر پێکەوەبونی مرۆڤەکان نەگاتە ئاستی بەدیهێنانی (هاوکاری) ئەوا ئەو کۆبونەوەیە هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی کۆمەڵگە، چونکە لە دیدی ئەودا مرۆڤەکان کۆمەڵگەیان پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئاسودەیی.(دورکهایم، 1988: 80).

لە هەمو ئەو پێناسانەی پێشەوە دەگەینە ئەوەی کە کۆمەڵگە خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندییە لەوانە:

1. بونی کۆمەڵە کەسێك کە بۆماوەیەکی درێژ پێکەوە دەژین.

2. بونی شوێنێکی دیاریکراو کە ڕێگە بە دروستبونی کارلێك و پەیوەندی دەدات.

3. بونی کولتورێکی هاوبەش (زمان، ئاین، دابو نەریت، بیوەر، بەها، بەرزی ژیان یاخود شێوازی ژیان).

4. بونی سیستەمێکی دیاریکراو بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، کە لەژێر کاریگەری (کولتور)دا ئاراستەدەکرێت و ئاراستە وەردەگرێت.

5. بونی هەستی هاوبەش و هەستکردن و دەرککردنی یەکتری و دروستبونی (هەستی گشتی).

6. بونی ئامانجی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەش.

7. هەستکردنی قوڵ بە (یەکبون) (یەکگرتویان) لە ڕوی مەعنەوییەوە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کۆمەڵگە لەسەر بنەمای دو کۆمەڵە مەرج و تایبەتمەندی دروست دەبێت، یەکەمیان کۆمەڵێك هەلومەرجی مادییە و ئەوی دیکەشیان بریتییە لە کۆمەڵێك هەلومەرجی مەعنەوی.

هەلومەرجە مادییەکان بریتین لە بونی خاك، بونی دانیشتوان خەڵك، بونی سیستەمی کۆمەڵایەتی، دامەزراوە.

هەروەها هەلومەرجە مەعنەوییەکانیش بریتین لە بونی کولتور ی هاوبەش کە زمان و ئاین لە گرنگترینیانن، هەستکردن بە یەکتریی، کۆویژدان، بونی ئامانجی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەش، هەستکردنی قوڵ بە یەکبون و یەکگرتویان.

بەبڕوای ئێمە ئەم هەلومەرجە مەعنەوییانە بۆ دروستبونی کۆمەڵگە بەهۆی یەکێك لەم سێ بنەمایە دروست دەبێت: نەتەوە، دەوڵەت یان بەڕیوەبردن، ئاین.

بەهێزترین کۆمەڵگەش ئەو کۆمەڵگەیەیە کە لەسەر بنەمای (نەتەوە) بەنمونە (ئەڵمانیا، فەرەنسا، هندستان، باکستان) یان (ئاین) بە نمونە (ئیسرائیل، باشوری سودان) دروستدەبێت. چونکە ئاستی یەکبون و هەستکردن بە یەکتری و کۆویژدانیان لە ئاستێکی بەرزدایە. یان لەسەر بنەمای (دەوڵەت و یەکەی ئیداری) وەك زۆرێك لە وڵاتانی دونیا (ئەمریکا، کەنەدا، ئیسپانیا، بەریتانیا).

## تەوەری دوەم: گەنگەشەکردنی چەمکی کۆمەڵگای کوردی

لەروانگەی سۆسیۆلۆجیاوە کۆمەڵێك هەلومەرجی مادی و مەعنەوی هەیە کە پێکەوە کۆمەڵگە دروستدەکەن، دەتوانین لەڕێگەیانەوە خوێندنەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردی بکەین، لەوانە:

کۆبونەوەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان هەیە، کە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ (زیاتر لە 4هەزار ساڵ) پێکەوەدەژین و وەك (نەتەوە)یەکی دیاریکراو سەیریان دەکرێت و زورێنەی ڕەهای دانیشتوانی ئەم ناوچەیە پێکدەهێنن، کە خاوەنی ڕەچەڵەکی هاوبەشن. هەرچەندە بەهۆی دابەشبونیان و لێکدابڕانیانەوە هەندێ جار پچڕان لە مێژوی هاوبەش و (کولتوری)

هاوبەشیان دروستبوە. هەروەها، بونی شوێنێکی جوگرافی تایبەت کە ئەم خەڵکەی لەسەر دەژی، کە پێی دەوترێت کوردستان و دەکەوێتە ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا و (نەتەوەی کورد) زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی پێکدەهینێت.

بێگومان تۆبۆگرافیا و ئاووهەوای کوردستان ئەو دەرامەتە کشتوکاڵی و سروشتیانەی تیایدایە کاریگەری گەورەیان لەسەر شێوازی ژیان و تەنانەت لەسەر ڕەنگرێژکردنی کەسێتی مرۆڤی کورد هەبوە. (کولتور)ەکەشی تا ئەندازەیەکی زۆر بەرهەمی کارلێکی پەیوەندی نێوان دانیشتوانەکەی و ئەم ژینگەیەیە.

لەگەڵ ئەوانەشدا بونی کولتوری هاوبەش و جوگرافیای تایبەت و مێژوی هاوبەش بواری ڕەخساندوە بۆ پەیوەندی و کارلێککردن و ئاڵوگۆڕ و دروستبونی سیستەمی کۆمەڵایەتی تایبەت و دروستبونی سیستەم و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی (سیاسی، خزمایەتی، ئاینی، ئابوری، بەروەردەیی).

بەبڕوای ئمیل دۆرکهایم سەرەکیترین توخمی پێکهاتەی هەر کۆمەڵگەیەك بریتییە لە هاوبەندی کۆمەڵایەتی، بەبێ بونی هاوبەندی کۆمەڵایەتی، با ئەو ڕادەیەی بەبێ بونی هاوبەندی کۆمەڵایەتی مەحاڵە بتوانین باس لە بونی کۆمەڵگە بکەین. (دورکهایم، 1988: 80).

لەسەر ئەم بنەمایە لە کۆمەڵگەی کوردیدا چەند فاکتەرێکی بەهێزکەری هاوبەندی کۆمەڵایەتی و چەند فاکتەرێکی لاوازکەری ئەو هاوبەندییە دەبینرێت. بەنمونە نەتەوە و ئاین و مەزهەب و ڕێچکە ئاینییەکان، لەو فاکتەرانەن کە ناسنامەی مرۆڤی کورد دیاری دەکەن، هەریەکەیان بەپێی کاریگەری خۆی هەیە ڕۆڵی هەیە لەم بوارەدا.

بەنمونە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی زۆرینە کوردی زۆرینە مسوڵمانی زۆرینە سونی مەزهەبە، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت فاکتەرێکی مەعنەوی هەیە ئەم خەڵکانە لەیەکتری نزیك بکاتەوە، بەڵام ئەگەر تێبینی بکرێت، لە هەریەکێك لەو فاکتەرانەدا خستنەدەرەوە و پاڵپێوەنانی بەشێك لە کۆمەڵگەکە هەیە بۆ دەرەوەی هاوسۆزی و هاوبەندی.

لەپاڵ هەمو ئەمانەدا بەهۆی گەشەی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە لەسەدەی بیست جۆرێک لە هاوسۆزی نەتەوایەتی گەشەی کردوە، هەروەها کۆمەڵێك تراژیدیا و ڕوداوی گرنگ هەیە، لەتوانایدایە ئەم کۆمەڵگەیە پێکەوە ببەستێتەوە، وەك ئەنفال، کیمیاباران، کۆبانی و سوتاندنی سینەماکەی عامودا و چەندین. هەروەها چەندین داستان و ئەفسانە لەناو کوردەواریدا هەیە، کە جیهانبینی و خەون و خەیاڵی هاوبەش دروستدەکات و کاریگەری لەسەر دروستکردنی کۆویژدانی گشتی هەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا، نەبونی دەوڵەتێك کە قەڵەمڕوی هەبێت بەسەر تەواوی ئەو خاکەدا کە بە کوردستان ناودەبرێت، دواتریش دابەشبونی کوردستان بەسەر دو ئیمپراتۆریەتی گەورەی ناوچەکەدا کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوین لەسەدەی شانزەوە هەتا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، هەروەها دابەشکردنی خاکی کوردستان بەسەر عێراق و توکیا و ئێران و سوریا بەپێی پەیمانی سایکس بیکۆ 1916، بو بەهۆی پچڕانی پەیوەندی لەنێوان پارچەکانی کوردستان و وایکرد هەر پارچەیەك وێڕای پاراستنی بەشێك لە تایبەتمەندی و ناسنامەی خۆی، مێژوی گەشەکردن و پێشکەوتنی تایبەت بەخۆی هەبێت بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو کۆمەڵگە گەورەیەی کە لکێندراوە پێوەی. ئەمەش ڕاستەوخۆ لەژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکەکەیدا ڕەنگیداوەتەوە. لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا سەرەڕای دابەشکردنی کوردستان بۆ زیاتر لە چوار

پارچە و لێکترازانی پارچەکانی بۆماوەیەکی دورودرێژ، ڕەگەزە مادیی و مەعنەوییەکانی بونی کۆمەڵگە لە کوردستاندا لەناونەچوە (وێڕای تێبینیکردنی لاوازی هەندێك لە ڕەگەزە گرنگەکان لە ئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا).

لە ڕوانگەی مرۆڤناسییەوە یەکێك لە هەرە باوترین ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگاکان ڕێبازی بونیادی کۆمەڵایەتییە (social structure)کە کۆمەڵگا وەکو بونیادێك دەبینێت کە پێکهاتوە لە کۆمەڵێك سیستەمی جیاواز ئەم سیستەمانە هەریەکەیان وەزیفەیەکی دیاریکراو جێبەجێدەکەن، لەهەمان کاتیشدا هەمویان پێکەوە وەزیفەیەکی گشتی لەناو بونیادی کۆمەڵایەتی جێبەجێدەکەن، لەناو هەریەکێك لەم سیستەمانەدا تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەیە لەسەر بنەمای پێگە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکانیان ڕێکخراوە بە ڕەچاوکردنی بەهاو دابونەریت و ڕێساو یاساکان. (محجوب، 1975، 15)

لەوانەیە کارێکی مەحاڵ بێت بەهۆی ئەو دابەشبون و دابڕانە جوگرافی و سیاسی و تەنانەت لەهەندێ باریشدا کولتورییەوە کە بەدرێژایی لانی کەم سەد ساڵی ڕابردو ڕویداوە کۆمەڵگەی کوردی وەك یەك بونیادی کۆمەڵایەتی سەیربکەین، چونکە سروشتی بینای کۆمەڵایەتی هەر پارچەیەك و پێکهاتەی هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییەکانی ناو هەر سیستەمێك و کاریگەری سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر یەکتری، لەپارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی دیکە جیاوازی هەیە، لەسەروی هەموشیانەوە کاریگەری سیستەمی سیاسی و گۆڕانکارییە سیاسییەکان لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا ڕێڕەوێکی جیاوازی وەرگرتوە و دواجاریش کاریگەری جیاوازی لەسەر کۆی سیستەمەکانی دیکەی کۆمەڵگاو بونیادە کۆمەڵایەتییەکە بەگشتی داناوە.

هاوشێوەی ئەم حاڵەتەی کۆمەڵگەی کوردی، لەزۆر شوێنی دیکەش دوبارەبۆتەوە و تەنانەت بۆ تەواوی کۆمەڵگەکانی دونیا لەئێستادا جێگای مشتومڕە، بەنمونە بەشێك لە توێژەران دەڵێن ئایا شتێکی ڕون هەیە بەناوی کۆمەڵگەی بەریتانی؟ یان لەڕاستیدا کۆمەڵگەی لەندەنی و سکوتلەندی و وێڵزی و ئێرلەندی هەیە. (سکوت و مارشال، 2011: 101) هەروەها کۆمەڵناسی دیاری عێراقی، د.عەلی وەردی یەکێکە لەوانەی کە بەگومانەوە لە چەمکی (کۆمەڵگەی عەرەبی) دەڕوانێت و جەخت لەوە دەکات کە هەر دەوڵەتێکی عەرەبی مێژوی گەشەکردنی سیاسی و ئابوری و ئاینی خۆی هەیە، هەر لەبەرئەوەشە ئەو جەختی لە سەر چەمکی (کۆمەڵگەی عێراق) کردوە و خۆی نەداوە لە قەرەی لێکۆڵینەوەی ئەو شتەی پێی دەوترێت (کۆمەڵگەی عەرەبی).(وردی، 2007: 8).

ئەگەر ئەوەی د.عەلی وەردی دەیڵێت بۆ کۆمەڵگەی عەرەبی ڕاست بێت کە خاوەنی دەوڵەت و چوارچێوەی سیاسی و زمانی ستانداری خۆیانن کە زمانی (قورئان)ە، ئەوا بۆ کۆمەڵگەی کوردی بابەتەکە چەندین جار قورسترە، چونکە کۆمەڵگەی کوردی وێڕای ئەوەی کە خاوەنی کیانێکی سیاسی نییە، کۆمەڵگەیەکە بەهۆی چەندین فاکتەری جیاجیاوە توشی دابەشبونی قورس هاتوە و ئەم دابەشبونەش تاڕادەیەکی زۆر لە یەکتری دابڕیوە.

## ئەنجامی توێژینەوە:

1.هەمو گردبونەوەیەکی مرۆیی ناتوانرێت وەك کۆمەڵگە سەیربکرێت، بەڵکو چەندین مەرجی مادی یان شکڵی و مەعنەویی هەیە پێویستە بونیان هەبێت، با بتوانین لەڕوی کۆمەڵناسیەوە گردبونەوەیەك بە کۆمەڵگە ناوزەدبکەین.

2.چەمکی کۆمەڵگەی کوردی بەو شێوە ڕەهایەی کە باس دەکرێت بەبێ دیاریکردنی کات و شوێن، زیاتر لە شتێکی مەجازی دەچێت تا حەقیقەنێکی ڕاستەقینە و بەرجەستە.

3. نەتەوەی کورد خاوەنی کۆمەڵگەی تایبەت بەخۆیەتی، چونکە خاوەنی سیستەم و کولتوری تایبەت بەخۆیەتی.

4. بەهۆی دابڕانی سیاسی و کولتوری و شێوازی ئاخاوتن و نوسینەوە زیاتر لە کۆمەڵگەیەکی کوردی هەیە و هەر یەکێك لەو کۆمەڵگە کوردیانە خاوەنی ڕەوتی گەشەسەندنی سیاسی و مێژوی و ئابوری خۆیانن.

5.سەرە ڕای ئەو دابڕانانەی لە نێوان پارچە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە، هەندێ ڕەگەزی کولتوری هەیە کە پێکەوە دەیانبەسانێتەوە وەك ئەدەب و میوزیك. بەڵام هێشتا ئەمانە بەس نین بە دروستبونی هاوسۆزی و هاوبەندی کۆمەڵایەتی و کۆ ویژدان بۆ ماوەیەکی دورودرێژ.

**پێشنیارو ڕاسپاردە:**

1. پێویستە توێژەران و نوسەران و ناوەندە ئەکادیمی و میدیایەکان لەبری چەمکی کۆمەڵگەی کوردی چەمکی کۆمەڵگەی کوردی لە باشوری کوردستان یان باکور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەکاربهێنن.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر هەر یەکێك لە کۆمەڵگەکانی کوردی لە باشور و باکور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەشێوەی جیاواز و سەربەخۆ.
3. پێویستە دامودەزگا فەرمی و ئەکادیمیەکان ڕۆڵیان هەبێت لە چەسپاندنی ئەم چەمکە نوێیە و ڕاستکردنەوەی بەکارهێنانی چەمکی کۆمەڵگەی کوردی.
4. توێژینەوەی زیاتر ئەنجامبدرێت لەلایەن توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی و بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە مەرجەکانی بونی و کۆمەڵگا و ڕادەی ئامادەیی ئەو مەرجانە لە کۆمەڵگەی کوردی لە هەر بەشێکی کوردستان

## Kurdish society A theoretical perspective

**Hemin Baqir Abdul**

Sociology Department, College of human science, Suleimani University, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

In this research, the concept of Kurdish society is problematized. According to the descriptive analytical method, the researcher has answered several questions related to Kurdish society concept. For example, to what extent do we have a Kurdish society? If so, what kind of society is it? Are we ahead of one society or several different Kurdish societies?

The researcher has analyzed the conditions and characteristics of Kurdish society with a socio-anthropological perspective and according to two main concepts in sociology and anthropology, which are (social cohesion) and (social structure). Social, social ecology and

cultural systems, then from the perspective of social structure, focused on the main constituent systems of Kurdish society and the activation of each of these systems in Kurdish society.

The researcher concluded that in today's experience, the media and academia do not use this concept in a healthy way. Because although we have a society, despite the existence of many problems in the conditions of society, we do not have a only one Kurdish society, but several different Kurdish societies, despite having common points in some cultural genres, each has a history of economic, social, political and cultural development They are themselves. Therefore, it is more accurate to say that the Kurdish society of South Kurdistan, or the Kurdish society of North or East or West Kurdistan

**Keywords:**

Society, Kurdish Society, Social Solidarity, Collective Conscience

## سەرچاوەكان:

امين زكي، محمد، (1936):خلاصة تاريخ الكرد و الكردستان، ب:محمد علي عوني، مطبعة سعادة، مصر.

بثينة، شراد(2020-2021):تغير قيم التضامن الاجتماعي في الوسط الحضري، رسالة ماجستير، جامعة محمد خضيرة، بسكرة.

بركات، حلمي، (1991):المجتمع العربي المعاصر، مركز الوحدة العربية، بيروت.

بنادي، محمد الطاهر، (2023)مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو، مجلد:11، العدد:2 ص، 505-520، خزيران-2023.

پیربال، فەرهاد(2005):كۆرنۆلۆژیای كوردستان، ماڵی شەرەفخانی بەدلیسی، هەولێر

درايفر، ج، ار، (1986):الكرد في المصادر القديمة، ب:فوئاد حمةخورشيد، مطبعة ديواني، بغداد.

دوركهايم، اميل، (1988):قواعد المنهج في علم الاجتماع، ب:د.محمود قاسم و محمد البدوي، دار المعرفة الجامعية، اسكندرية.

رايموند، وليمز، (2007) الكلمات و المفاتح، ب:نعيمان عثمان، المركز الثقافي العربي، المغرب.

سكوت و مارشال، جون و جوردن، (2001): موسوعة علم الاجتماع، المجلد الثالث، ب:محمد الجوهري ولاخرون، المركز القومي للترجمة، طبعة ثانية، القاهرة.

عبدالله، نزار علوان(2018): مجلة (زانكۆی سلێمانی(قسم B ) للدراسات االانسانية – العدد(55) خاص لمؤتمر سايكس- بيكو

العمر، معن خليل، (2000):معجم علم الإجتماع المعاصر، دار الشروق، عمان.

غدنز، انتوني، (2005):علم الاجتماع، ب:فايز الصياغ، مركز دراسات الوحدة العربية.

قاسملو، عەبدولڕەحمان، (2014) كوردستان و كورد، و: عبدالله حسن زادە، چاپ و بڵاوكردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

لازاريف، م.س(2016): چەمكەكانی مێژوی كورد، و:مەنسور صدق

لازاريف، م، س، (2013):المسالة الكردية، 1917-1923، ب:عبدي حاجي، دار فارابي، بيروت.

م.ليمان، جنيفر(2013):تفكيك دوركهايم-نقد مابعد النسوي، ب:محمود احمدعبدالله، مركز القومي للترجمة.

ماكدول، ديفيد(2014):تاريخ الاكرد الحديث، ب:راج ال احمد، دار الفارابي، بيروت.

ماكيفر و بيج، روبرت و شارلز، المجتمع، ب:در علي احمد عيسي، مكتبة نهضة العربية، القاهرة.

ميشيل، دنكن، (بدون سنة طبع)معجم علم الاجتماع، ب: احسان محمد الحسن، دار الطليعة، بيروت، 1981.

وردي، علي، (2007)دراسة في طبيعة المجتمع العراقي، طبعة2، شركة الوراق للنشر الحدودة، عمان.